حاڵی حاڵ... کەمێکی کەم لە بارەی مەستبوونەوە.

نوسینی: هێمن قەرەداغی

هەڵەتانکرد... خراپ تێگەیشتبوون... کێ وتی تەنها شەراب مەستمان دەکات؟ ئەی یاد خۆی مەستی نییە؟
چ شەرابێك هێندەی زکر و یادی مەعشوق مەستکەرە؟ وەرن سەیری ئەم شەوانە بکەن، وەرن تەماشای مەیخانە و ساقی و شەرابی ئێمە بکەن، وەرن تێکەڵبوونی جەهر و پەنهانی ئێمە ببینن...

-زکری ئەمشەو زکری جەهرە، ئادەی دەروێش ناوی خوایە...

ئەوەی لە دەرووندایە چیتر ناتوانێت نەیەتە دەرەوە، ناتوانێت بێدەنگ بێت، کورەیە دەروون... قوڵپەدا دەروون... جەهەنەمە دەروون... هاوارستانە دەروون... ناڵەی دەنگنوسساوە دەروون... خنکاوە دەروون... سا با هەموو شتێك جەهرکەین، با هەموو شتێك ئاشکراکەین، شەومان هەیە، ئەم ماڵە بە ویقار و بە حورمەتەی وجود، ئەم تاریکییە پڕ چرایەی خودا، ئەم چراخانەی شەوڕەو پیایدا خۆ دۆزینەوەیە... جەهرکەن بێ ترس، بێ شەرم، بێ پەروا، هاوارکەن... زکری ئەمشەو زکری جەهرە...
ئادەی دەروێش ناوی خوایە، چی ئەکەیت دەروێش؟ کوا هیمەتت؟ کوا حاڵت؟ کوا ناڵە و سەمای ڕۆحت؟ کوا پرچی ئاڵۆسکاوی پڕ گوناه و چاکەت؟ برژێ دەروێش، پەرشوبڵاوبەرەوە، فەنا بە... ناوی خوایە !!
ڕەها بە، چی دەکەیت بیکە...هاوار... ناڵە... سەما... دڵ گوشین... لەهۆش خۆچوون ... زکری جەهرە، شتێکمان نەماوە بیشارینەوە...

-ئەمشەو پەیام سۆزی عەشقە ئیمتحانی یەجگارییە
شەوی چوونە ناو دەروونە
جێهێشتنی بێدارییە...

ئەمشەو هیچمان نییە بیڵێین پەیامی عەشق نەبێت، زمانشکاوین، لاڵی لالانین، یەك ڕەنگ و یەك دەم و یەك هاوارین، ئەوەی لێماندەڕژێ تەنها و تەنها سۆزی عەشقە، گەر بۆ شتێکی تر هاتوون پەرداخەکانتان هەڵگرنەوە، دەفرەکانتان بێ ئومێدکەن، گەرووی وشکتان ناموراد بوو... ئەمشەو جگە لە سۆزی عەشق شتێکی ترمان لا دەستناکەوێت ...
ئادەی دەروێش، شەوی ئیمتیحانی دڵە، شەوی مەقاماتی وەسڵە، شەوی تاقیکردنەوەی عەشقە، هەموو شتێك ڕێپێدراوە، کتێبەکانی سینە بکەنەوە، قەڵەمەکانی عەشق دەربێنن، دەفتەرەکانی مەستی ڕەشکەنەوە، ئیمتیحانی یەجگارییە، ئاسان نییە، بە هەر چوار پەل بنووسن، بە دڵ و خەیاڵ وەڵامبدەنەوە، بە گریە و خەندە تێبکۆشن... شەوی چوونە ناو دەروونە، جێهێشتنی بێدارییە... هاواری ئێمە خۆ هاواری بێداری نییە، جەهری ئێمە خۆ جەهری بێداریی نییە، نا... هاواری دەروونە، جەهری دەروونە، ئەوەی تێناگات بمانبورێت، ئەوەی نەیدیوە با لۆمەمان نەکات، جەهری ئێمە ئاوێنەی پەنهانی ئێمەیە...

-دەفژەن ئادەی کوانێ ڕەزمت؟
نەیژەن دنیا بینە شمشاڵ،
کۆڕی ئەمشەومان گەرمکەن هەتا دەگەینە حاڵی حاڵ...

دەفژەن ئێمە سەیری تۆ دەکەین، دەفژەن چاوی دڵمان لە مەرحەمەتی تویە، ئاوا مەبە، سارد و بێ شەوق مەبە، دەفژەن ڕەزمی تۆ تکامانە، مەدەدێك، وەرە بە هانامانەوە، کاڵین و دەمانەوێت بگەین، تاڵین و تەماحی شیرینیمان هەیە، وشکین و ئەمشەو نیازی بوون بە ئاومان هەیە، دەفژەن کەرەمێك، جۆشێك، ڕەزمی تۆ مەتڵەبە... ئەڵقەکانت بۆ چییە گەر بۆ ڕەزمی دڵ نەبێت؟ سەدات بۆ چییە گەر سەدای دڵ نەبێت؟ مەستیت چی لێدەکەیت گەر بۆ عەشق نەبێت؟
نەیژەن وەرە و ببە بە گەرووی ڕۆح، وەرە و ببە بە زمانی حاڵ، ناڵەی دەروون... نەیژەن زمانشکاوین، مناڵبووینەتەوە، ئەلف و بێمان بیرچۆتەوە، وەرە و دنیا بکەرە شمشاڵ، بیکەرە ئاوازی نەبیستراوی مەحەبەت، نەیژەن ئەمشەو تۆ گەرووی بێ وشەی ئێمەیت، هەناسەت بۆ چییە گەر گۆرانی دەروون نەڵێت؟ چی لە ئاوازی غەمگینت دەکەی گەر گریانی نەبیسراوی ئێمە نەژەنێت؟... دەف ڕەزمی دڵ گەرمدەکات و تۆش هاواری ئەو گەرمییەی ئێمە بە، ئەم زەمهەریرە بکەنە کوانوی ئاگر، کۆڕی ئەمشەومان گەرمکەن، چون ڕێمان دوورە، مەقسەد گەیشتنە بە حاڵی حاڵ، حاڵی فەنابوون، حاڵی توانەوە، حاڵی لەخۆدەرچوون...

-پێکی خۆمان لێوڕێژ دەکەین
تا دوا چۆڕی دەخۆینەوە

حەی و مەیمان هەر بۆ دڵە
هەموو گەردێ دەشۆینەوە...

نیو پێك بەشی ئەمشەو ناکا، نیو خەیاڵ و نیوە مەستی بەشی ئەمشەو ناکات، شەوێك کە دەبێتەماڵی ڕەهایی، هەموو شتێك ئەبێت تیایدا لێوڕێژ بێت، پڕ بێت، لێڕژاو بێت... با پیاڵە وشکەڵێو نەبێت، با بادە خۆی پێ کەم نەبێت، با دەستمان بگاتە دامێنی ڕەهایی، لێوڕێژیکەن پێکی مەستی، دوا چۆڕی نۆشکەن مەستی، بە زایەی مەدەن مەستی... دڵ دەبێت لێوڕێژ بێت، دەبێت سەرخۆش بێت، مادام دڵ مەقسەدە هەموو شتێك ڕەهاکەن، حەی و مەی ڕەهاکەن، هەرچی هەیە جەهریکەن، کانیاوەکان بتەقێنن، ئاوەکان بەردەنەوە، مەرکانەکان قلّپکەنەوە، ئاوی حەوزەکان با بڕژێن، حەوشەی دڵ با تەڕ بێت، باخ با نقووم بێت، شەوی دڵ شتنەوەیە، شەوی لابردنی گەردە، کارێزەکان با بتەقن، با ماڵمان ئاو ببیات، با دڵمان بکەوێتە سەر ئاو...

-ساقی ئێمە گەرمەحاڵین
نەوای لێوت بکەرەوە
ئێمە کەلام و سەلامین
تۆش وەڵاممان بدەرەوە
خەمی ئەمشەو هەر بۆ عەشقە
خۆشەویستی لە ناخایە
بەشەو چرا بەدیدەکەین
گوڵی خەمڵیو لە باخدایە
لەسەر لێوی وشکی ئێمە زەردەخەنە تەڕاییە
نەزەری شێخ بۆ دەروێشان هەموو کاتێ خۆڕاییە...

ساقی بەخشندە بە، گەرمەحاڵین و وەرە بە هانامانەوە، ساقی دەست و دڵ فراوانبە، ساقی بێنەوامان مەکە چاومان لە نەوای تۆیە، ساقی بادەت فریای ئەم سووتانە بخە، ئەم گەرمییە بلاوێنەرەوە، ئیلتیجا بە تۆیە ساقی، گەرمەحاڵین و لە نیوەی ڕێدا جێمان مەهێڵە، هاوڕێی سەفەربە ساقی... تەنها وەڵاممان لە تۆ دەوێت، بەیەکجار بووینەتە کەلام و سەلامیش، بووینەتە ڕێبوار و مەنزڵیش، بووینەتە میوان و خاوەنماڵیش، بوینەتە سوڵکەر و دەوڵەمەندیش... ساقی بە بێ وەڵامیت نەمانکوژیت، مەستیمان لە تۆ مەقسەدە... خەم نەماوە، خەم چییکات لای ئێمە؟ کە خەمی عەشق هات هەموو خەمەکانی تر ڕۆیشتوون، دەربەدەرن، بێ ماڵن... ئەمشەو یەك خەم هەموو ئێمەی بردووە، ئەمشەو تەنها بەندەی شاخەمی عەشقین... با تاریك بێت شەو، با ئەنگوستەچاو بێت دونیا، با تا پێی دەکرێت قەترانی بپۆشێت شەو، ئێمە لەو تارێکییەوە چرا دەبینین، چراخانە شەو، ڕۆژی ڕووناکە شەو، سپی پۆشیوە شەو، با خۆر لێرەش نەبێت، باخی ئێمە لەم تاریکستانەدا گوڵی خەمڵیوی تیایە، باخمان ئاوەدان، گوڵمان خەمڵیو، دڵمان مەست، لە حاڵی حاڵداین ئێمە...

.....................

ساڵانێکە من گوێ لەم ئیشەی هاوڕێم کاکە دیاری قەرەداغی دەگرم، یەکەمجار کە یەکترمان ناسی وتم: تۆ ئیشی جوانت زۆرە، بەڵام بەردەوام هەستمکردووە (زکری عەشق) ت بۆ من وتبێت، زەمەنێکی زۆر ئەمویست شتێکی لەسەر بڵێم، بەڵام لەناو خۆمدا وەك شەراب هەڵمگرت، ئاخر هەندێ شت بایی ئەوەندەن تەنها لەخۆتا هەڵیگریت، هەنێجار لەبەر ئەوەی نەژاکێن، هەندێجاریتریش لەپێناو ئەوەدا کە ئەم هەستانە بە وشە سنوردار نەکرێن، ئەگەرچی نووسین پێچەوانەی شاردنەوەیە...
شیعرەکە هی مامۆستای گەورە خوالێخۆشبوو (حەسیب قەرەداغی) یە، پیاوێك لەگەڵ خوێندنەوەیدا بەردەوام هەستمکردووە پریشکێکی لەناو مندایە...
بەشێکی گەورەی جوانیی لە هونەردا نووستووە، من هەوڵمدا مشتێکی لێرەدا بنووسمەوە... بەهیوای ئەوەی جارێکیتر بە تامێکی ترەوە بۆ یەکەمجار گوێ لەم ئیشە بگرنەوە...